# بەرپابونی سیاسەتی ڕۆمانسی و تاکە پەرستی

بارزان شوان
سوید



ئەگەر بە ووردی تەماشای مێژووی گەلانی ڕابردوو بکەین، تێدەگەین کە لەمەوپێش جگە لە گەلی کورد زۆر گەلانی گەورەی تری پێشکەوتو هەبوون کە لە تێگەیشتن و تێکۆشینا پایەیەکی بڵندیان هەبوە، بەڵام چونکە بەدبەختی ڕۆژگار و چەرخی کەچڕەفتار لە ناوی بردوون، مەگەر ئەورۆ تەنها لە قوژبنی لاپەڕە دێرینەکاندا ناوێکیان مابێتەوە.

خولانەوەو گەشەی بیری مرۆڤ بە دوای سوودی خۆیدا و بەیەک چاو نەڕوانین بۆ ئەمبەروئەوبەری سنووری دەسکرد و تەقەڵانەدان بۆ دابینکردن قازانجی دانیشتوانی هەر چوار پارچەکە و کەڵک وەرنەگرتن لە درووستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوایەتی سەربەخۆ، دیسانەوە دەبنەوە هۆی لە بیرچوون و نەمانی گەلێکی کۆڵنەدەر.

ئاخافتن لە سەر دووبارە ژیانەوەو بایەخدان بە هەستی نەتەوایەتی و بەرزنرخاندنی بیروباوەڕی کوردایەتی و خۆڕاگری ڕووبەڕوی هەر رەوج پێشهاتێک کە مەبەستی لەڕەگ بنبڕکردنی هەستی نەتەوایەتی بێت ڕێخۆشکەرە بۆ یادکردنەوەی پرسێکی سەیر کە بە گوێماندا دێت و لە خۆمان دەپرسین، ئایا جیاوازی هەستی نەتەوایەتی وپێناسەی کوردایەتی لە نێوان کوردانی هەر چوار پارچەکەدا هەیە؟ ئایا مرۆڤی کوردی پارچەیەک لە کوردوستانی گەورەدا هەستی نەتەوایەتی لە پارچەیەکی دی کوردوستانی دابەشکراودا هەیە؟ ئایا هیچ پارتێکی کوردوستانی لەوی کەیان کوردترە؟ ئایا پەیرەو و پرۆگرامی پارتە کوردوستانیەکان هەر وەک یەک نین و پاش و پێش خراون؟ و ئایا..........

سەرەڕای شکستی پارتە سیاسیەکانی کوردوستان لە پێکهێنانی دەوڵەتێک و حکومەتێک کە پایەکانی نەخش کرابن لەسەر بنەما دیموکراتیەکان و بە بڕواوە باوەڕیان هێنابێت بە دۆزی ئێستای گەلی کوردو بایەخی تەواویان دابێت بە باری هەستی نەتەوایەتی یاخود بەلای کەمەوە دارێژرانێک نووسرابێتەوە لە سەر شوناسنامەو پسولەیەکی سەر بە ناسنامەی نەتەوایەتی یان مێژوویی ئەم نەتەوەیە، بەردەوام خوازیارو مرۆڤە ناسراوەکانی سەر بە هەڵگری ماشخەڵە کوردایەتیەکان تۆمەتی نە بوونی هەستی نەتەوایەتی کوردی بە سیاسەتی ڕۆمانسی کوردی دەبەستنەوە. سەرەڕای بە شەرعی بوون یان بە ناشەرعی بوونی ئەو نیمچە حکومەتە دەبێت هەوڵی بێ پایان بدرێت کە لەو نەخۆشیە خۆ بپارێزێت کە ناسنامەی مرۆڤی کوردیان بە گرێدانی خەڵکانێک داوە بە مەرجێک پێشتر بزانرێت کە ئایا ئەم خەڵکانە سەر بە کام نەتەوەو تایفەو تیرەو هۆزن، بەڵام وەک ئاشکرایە دەسەڵاتداران تاوەکو ئەوڕۆش هەر شکەستیان خواردوە لە پەروەردەکردنی مرۆڤێکی ساکاری کوردی بەستراو بە نەتەوەیەکەوە کە نەتەوەی کوردە، نەک خۆی هەڵواسیبێت بە تیرەو هۆزێکەوە، ئەم کارە تا ئەوڕۆش هەر بەردەوامە ئەویش تەنها بۆ هێنانە دی پارووەیەک نان کە لە ناوەڕۆکدا پاشماوەی دەسەڵاتدارانی بێ شەرعیەتن. ئەم حکومەتە بێگومان پاشەڕۆژەکەی لەگەڵ ڕوخاندنی حکومەتی بەغدادا دەڕوخێت، لەوە ترسناکتر هەڵگیرسان و تەشەنە کردنی براکوژیە، کە لە ئەنجامی شکست خواردنی سیاسی دێتە مەیدانەوەو دووبارە مێژوو لاپەڕە خوێناویەکانی خۆی بە خوێن دەنووسێتەوە. یاخود کۆتاییەکەی بەپێچەوانەوە دەبێت کە ئەویش ترسی بە سیاسەت کردنی تیرەگەرێتیە و خۆی لە بەرگی

بەرژەوەندی بنەماڵەو هۆزەوە دەشارێتەوە، بەو شیوەیەش مافی تاکی کۆمەڵگا پێشێل دەکرێت و بەرژەوەندی تاکی بنەماڵە بەر لە بەرژەوەندیە گشتیەکانی میللەت خۆی دەنوێنێت ، لەو دەمەدا تەنها ئەو تاکانە بەرژەوەندیەکانیان بەرەوپێش دەڕوات کە سەر بە بنەماڵەی دەسەڵاتدار بن.

دوابەدوای ئەو کارەساتەش دژواری و خۆکوتینی دەوڵەتە دەرەکیەکان سەرهەڵدەقورتینن و ئەو دژایەتیەی ئەو دەوڵوتانە بەڕێی دەبەن دەبنە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی هۆزایەتی لە نێو ئەو حکومەتەی کە تازە نینوکی دەرکردوە. ئەو گومانانەی باسی لێوە دەکەین ناتوانین بڵێین کە بەڵگەن بۆ خۆسەپاندنی دەوڵەتی کوردی، داکۆکیە سەرەکیەکە دەگەڕێتەوە بۆ بون و نەبونی دەوڵەتێکی بە ناوی کوردوستانەوە و جیانەکردنەوەی نەتەوایەتی کوردە کە لەسەر بناغەیەکی ڕۆشنبیرانە بنیات نرابێت و ڕێگەخۆشکەرەکەشی دەبێت لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە سەری پاڵی پێوەنرابێت و بەیارمەتی ئەو پارتانە بووبێت کە نەتەوەکەی خۆیان خۆش بوێت و ڕۆشنبیرو نووسەرەکانیش پاڵپشتیان لێکردبێت، بەو شێوەیە مێژوویەکی ڕوناکی نەتەوایەتی کوردی سەرهەڵدقورتێنێت و دەوڵەتێک پێک دێت کە تاکەکانی یەکە بە یەکە لە ژێر ڕۆشنایی نەتەوایەتی گەورە ببن.

ئەم دەوڵەتە لە مێژووی تازەدا دەنوسرێتەوە، هەر میللەتێک خولیای بەدوا کەوتنی ناوداران و ناوو ناتۆرە کەوێت و دەسەڵاتدارانیش سیاسەتی ڕۆمانسی تاکاپەرستی بەڕێوە ببەن بێگومان ئامانجەکەی تەنها ڕووخاندنەوە بەس، گومان لەوەشدا نیا کە سەرمایەدارانیش هەر بەرژەوەندیەکانیان دەپارێزرێت و تاکە پەرستەکانیش وەکو بای بێ باران شانی پیا دەکەن و هەڵدێن.

خۆ ئەگەر بێت و باس لە دەوڵەمەنترین و سەرمایەدارترین و بەهێزترین دەوڵەت جیهانی ئەوڕۆ بکەین کە بە ئەمریکا ناسراوە ، لەسەر بناغەی نەتەوایەتی و یەک تیرەیی هەر لە سەرەتاوە دانەمەزراوە. هەرچی لە بواری نەتەوی کوردیشدا هەیە زۆر خویایە کە ئەم ڕەوڕەوە سیاسیە گەلی کورد ناگرێتەوە و ئێستاش لە بازنە داخراوەکەی خۆیدا دەخولێتەوە یان هەر بەجارێک وەستاوە. هیچ کاتێک بوارێک هەڵنەکەوتوە کە دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی پێک بێت. بێگومان لە نێو پرسی نێودەوڵەتیشدا ئەم نارەواییە بە کارێکی شەرعی ناوبراوە، کەچی لەڕاستیدا بچوکترین ماف چیە ئەویشی لێ ڕاپێچکراوە. بەم شێوەیە ئەم نەتەوەیە وەک نەتەوەیەکی ئایدۆلۆژیکی سەر بە ڕۆشنبیری نەتەوەیی ماوەتەوە کە دەتوانرێت بوترێت نێزدیکە لە بوونیان وەک نەتەوەیەکی لێک دابڕاو.

بەڵام مخابن ئەو نەتەوەیەی کە لە ڕواڵەتدا دەبێت دەوڵەت یاخود حکومەت پەرە بە هەستە نەتەوایەتیەکان بدات و زیاتر هەوڵی بوونی میللەتەکەی بە گشت جیهان بگەیەنێت و ئاسانکاری زیاتر بە دامودەزگا ڕۆشنبیریەکان برەخسێنێت لەم حکومەتە فەریکەیە تا ئێستاش نەبینراوە، ئەوەی میللەت بە ئاشکرا بۆی دەرکەوتوە کە هەوڵ و تەقەڵای ئەم حکومەتە لاوازە تەنها بۆ دابین کردنی بەرژەوەندیە تاکیەکانەو هەر هەمان خەڵکانێک لێی دەخۆن کە چڵکاوخۆاردنیان کردوە بە پیشە، کەچی دەبوایە دەسەڵاتداران تا پێیان بکرابایە لە گشت بوارو لایەنەکانی ڕامیاری و ئابوری و بەرنامەی خوێندنی گشتی و ڕەسمی و چاوپێخشاندنەوەو نوسینەوەی پەڕتوکە مێژوییەکان کە باس لە یەک نەتەوەی یەکگرتوی کوردی دەکات زیاتر خەمخۆری بونایە، بەڵام بەگشتی خویایە هەرحکومەتێک ناشەرعی بێت، ئەوا هەڵدەستێت هەر با ناو بە دامەزراندنی دامودەزگایەک کە سەر بەخۆی بن و شوناسنامەی کوردایەتی بەرەو سیاسی ڕۆمانسیەت و کولتورو دابونەریتە کوردیەکان بگەڕێنێتەوە بۆ زەمانی دێرینی بەر لە گۆتی و کاردۆخی و میدیاکانەوە، ئەوا تەنها مەبەستیان ڕێکخستنەوەی پیاوانی خۆیانەو لەخشتەبردنی میللەتی کۆڵەوارن و بەرەو کۆنەپەرستیو ماستاوچێتی و پارەخواردنی بەروبومی میللەتن، هەر خۆشیان هۆشیارانە دەزانن چۆن لە تەزوی کوردایەتی ئەو گەلە بەلەنگازە بدەن و بە جۆرەها ناوی دروستکراوەوە بەردەوام بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەپارێزن.

ئەگەر بێت و حکومەتی کوردوستان سەرکەوتوبێت لە پەروەردەکردنی میللەتێکی ڕۆشنبیرو تێگەیشتوو سەر بە شارستانیەتی و ئاڵا هەڵگری ڕاستەقینەی دیموکراتی و دوور لە کاسایەتی و بنەماڵەیو عاشایەر گەڕێتی و

باوەڕی تەواوی بە گشت چینەکانی خەڵکان بێت و مافی مرۆڤی تیا بەنرخ هەڵسەنگانبێت و لە هەستی نەتەوایەتی کوردان کەم نەکاتەوەو باوەڕی بە تاکی سیاسی و سیاسەتی ڕۆمانسی نەبێت کە دەرگایەکە بۆ زامنکردنی ژیان دژ بە کۆنەپەرستی و بە هێچ شێوەیەک نەبەسترابێتەوە بە دەسەڵات و تایفەو تیرەوە.

لەوانەیە سەردەمێک بێت حکومەت سەرکەوتوبیت لە هەڵسەنگاندنی نێوان نەتەوایەتی کوردی و ڕۆشنبیرێتیەوە، کە زۆرینەی زۆری میللەتی کورد خۆیان لەو چوارچێوەی نەتەوایەتیەوە دەبیننەوە کە لە نێو دەوڵەتێکی نەتەوایەتی کوردیدا ژیان بەسەر بەرن ، ئەمە لە لایەکەوە و لە لایەکی تریشەوە نەتەوەیەکی بە ڕەسمی و ناسراوی سیاسی دامەزرابێت کە لە سەر بناغەی مافی مرۆڤدا هەڵچنرابێت و لە نێو یەک دەوڵەتی سەربەخۆدا ئازادانە بیروڕایان دەربڕن، لەو دەمەشدا کۆمەڵگایەکی مەدەنی لە ناوخۆ پێک دێت و نەتەوەیەکی مەزنیش لە دەرەوەی چوارچێوەکە سەر هەڵدێنێت. یەک لەو هۆیانەی کە تا وەکو ئێستاش حکومەت تیایدا سەرنەکەوتوە مەسەلەی "نەتەوایەتیە" کە تاو ئەوڕۆش بایەخی پێنەدراوەو شکستیە سیاسیەکانی بێباکانە شی نەکراوەتەوە، جا ئەو بابەتە هەتاوەکو ئەوڕۆش وەک خۆی ماوەتەوە، واتە لە نێوان بونی نەتەوەی کورد وبەڕێوەبردنی سیاسەتی چەوتی ئەوڕۆ، وەهەروەها خۆناسینی دەسەڵات بە خودی خۆی نەتەوەی کورد و پێشێلکردنی لایەنە جوداکانی دی کۆمەڵن.

لەو بارودۆخەی ئەوڕۆدا، بە نەبونی نەتەوەیەکی مەزن و گۆڕینی بیری نەتەوایەتی بۆ جێگرێکی ناشەرعی تائیفی سەر بە تیرەیەکی باوەڕبوو بە سیاسەتێکی دوور لە ڕاستیەوە، وای لە بارەکە کردوە کە نەکرێت هەڵسوکەوتتێکی کاریگەر بکرێت بەڵکو هەوڵوتەقەڵای دەسەڵات بارەکەی شارەزایانە بەرەو سۆزێکی عەشایەری رۆمانسی بردوە، ئەم بۆچونە حوکمێکی شیکراوە نیە بەڵکو بگرە بارێکی سیاسیەو بەس.

میللەتی کورد بەر لە قۆناغی دروست بوونی نەتەوەیەک پێداویستیەکی کارمەندانەی سیاسەتێکی هێژایانەی هەیە بۆ یەکخستنی گشت چینەکانی خەڵکانی کوردوستان، ئەویش هەر لەبەر ئەوەی کە دابەش نەبێت بەسەر تیرەو تائیفەو هۆزدا، بەڵکو ئەم نەتەوەیە لە یەک ڕەچەڵەک و دابونەریت و زمانەوە پێک هاتون، جڤاکێکی سیاسیە، بۆچونی نەتەوەیەکە بۆ پێشڤەچونی سیاسەتێک کە مێژووە نوێیەکەی دێرزەمانەکەی دەڕوخێنێت...بەم پێناسەیەش بێت هیچ میللەتێک بە بێ بوونی ڕۆمانسیەت لە مێژودا نیە.

نەتەوەی کورد حاڵەتێکی ڕۆمانسی نیە بەڵکو پێویستیەکی کارمەندانەی پراگماتیکیە، نەک تەنها بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی پێشڤەچو کە مرۆڤەکانی خۆیان سەرفرازانە تیادا ببیننەوە، بەڵکو پێدانی پسولەیەکی ڕۆشنبیراننەشە کە گشت تیرەکانی کوردوستنی تیادا بەخۆوە گرێدرابێت. کە بێگومان ئەوەی شایەستەیە دەبێت خەڵکان بە حوکمی بونی سیاسی خۆیان هەڵبەسەنگێندرێن.

هەرچەندە ئەگەر بێت و دەوڵەتێکی کوردی لە سەر ئەو بناغەیە دانەمەزرێت لە کاتی ئێستادا. هاوڵاتیە کوردەکانی نێو پارچ دابەشکراوەکانی کوردوستان ناتوانن بۆ دامەزراندنی بناغەی نەتەوە یەکی یەک پارچەیی کوردوستان خۆیان بە دوورەپەرێز ببینن ، چێ ناڵیت لە پاشەڕۆژدا هەر چوار پارچەی کوردوستان لە دامەزراندنی یەکێتیەک وەک یەکێتی ئەوروپا خۆیان نابیننەوە. ئەم یەکگرتنە بگرە گەلێک بەهێزتر دەبێت لە یەکێتی ئەوروپا، چونکە ئێمە یەک زمان و یەک دابونەریتمان هەیە. دروست بوونی دەوڵەتی کوردی بێشەک خەیاڵ نیە، چونکە خۆ تەنها بەر لە 100 ساڵە زۆرینەی دەوڵەتانی ئەورووپی توانیویانە وولاتێکی سەر بەخۆ بۆخۆیان پێکبێنن، ئەویش دوابەدوای شەڕوکوشتارێکی زۆر بوە. هەر لەبەر ئەوەشە گەلێک پێویستە چەند ڕێکخراو و چەند پارتێکی نەتەوایەتی پێک بێت کە دان بەوەدا بێنن کوردوستان هەر دەبێت ببێت بە دەوڵەت، هەر ئەو پارتانەش دەبنە هۆی یەکخستنی ڕێزەکانی گەل و دەتوانن بزوتنەوە پێشکەوتوخوازەکان یەکبخەن، هەرئەوانیش دەبنە هۆی لەناوبردنی بیرو ئایدۆلۆژیای کۆنەپەرستانەی عەشایەریو دەستەڵاتگرتنی یەک بنەماڵەییو خیروخێراتی میللەت بەو شێوەیەی کە ئەوڕۆ دەیبینین بە سەر دامو دەزگا کۆنەپەرستەکان و ماستاوچی و کاسەلێسەکان وا بە فیڕۆ ناچێت و بەر ئاو نادرێت، گەندەڵان هان نادرێن بۆ یەک خستنی یەک

دەنگی گەندەڵێتیو و چەتەیی کردنی بەردەوام.

بێگومان کاری ئەو پارتە کوردپەروەرانە تەنها ئەوە نابێت کە هەستن بە بڵاوکردنەوەی ئامۆژگاری و ڕۆشنبیریتی. لە مێژووی نزیکدا زۆر جار ئەم پارت و ڕێکخراوە کوردپەروەرانە بە داخەوە ڕۆشنبیرەکانیان دوا نەکەوتبوون، جا هەربۆیە پێویستە لەسەریان کە میللەت هۆشیار کەنەوە بەرەو گرتنی ڕێگای دیموکراتی .

دەتوانین بڵێین کە نەتەوایەتی بازدانێکە بە سەرگەڕانەوەیکی ڕۆشنبیریتی بەرەو ئایدۆلۆژیایەکی سەرەکی سیاسی. بزوتنەوەیەکی ناوەڕۆکانەیە لەو وڵاتانەوە سەریانهەڵهێناوە کە لە سەرمایەداریتیەوە وە دوور بوون، جا هەربۆیە بیری نەتەوایەتی جێگەی کاریگەری زەقی ڕۆمانسیەتی میللی گرتەوە. لەگەڵ درووست بوونی ڕۆمانسیەتی سیاسی ئایدۆلۆژیای پەرستنی تاک ناسنامەی نەتەوایەتی و خۆدۆزینەوەی سیاسی پێکهاتن . دوای ئەوەش وەک سەربازێک گوێداری تەواویان بۆ تاکە نەفەری پەرستراو ڕادەگرت، ئەویش هەر بۆ ئەوەی ئەو سەرمایەداریتیەی کە هەندێک خەڵکان لەدەستیان دابو بەو شێوەیە مافی خۆیان بستێننەوە، ئەم جۆرە ڕۆمانسیەتە کاتی خۆشی لە ئیتالیاو ئەڵمانیاو پۆڵەنداو ڕووسیاشا هەر هەبوون، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەندێک ڕژێمیان لێ پێکهات کە لە خۆیان خراپتر هەر نەبوو.

هیچ دەرفەتێک بۆ میللەتی کورد نەروخسا بۆ گەیشتن کە بتوانن وەک میللەتانی جیهان خۆیان ڕزگارکەن لەم قۆناغانە دژوارە، بەڵام وا دەردەکەوێت کە نەتەوەی کورد بە گشتی زۆر کاری تێکراوە لەلایەن ڕووداوەکانی نێو دەوڵەتانی دەوروپشتیان و وڵاتانی دوور لە سنووری جوغرافی خۆشیان، هەر وەک ڕۆمانسیەتی نەتەوەی ئەڵمانی و ئیتاڵی، کاریگەریەکان لە مێژوودا وا دەردەکەون کە کورد لاساییکەر بوونو بە شێوەی گرتنەڕێی میللەتانی تر بەرەو ڕێکخستن و یەکگرتن و پەرەسەندنی زانستی هەوڵیان دابێت ، ئەم بارەش لە تیرەیەکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازی زۆری بوە، ئەویش بە بۆنەی بۆچونی ئەو تیرانە ڕووبەڕووی داگیرکەرانی وڵاتانی عارەبی و فارسی و تورکی، هەر یەک لەوان پەیوەندیە سیاسیەکانیان بە یەک لەو دەوڵەتانە بەستبۆوە.

پێویستە لەسەرمان کە ئەم جۆرە ئایدۆلۆژیانە تەقلەهەڤ نەکەین لە گەڵ ئەو خەڵکانەی هەوڵیان داوە بۆ سووربون لە سەر بنەما نەتەوەیەکان و پەروەرد کردنی لاوان لە سەر بنەمای پێشکەوتن و ڕۆشنبیری و هەڵسوکەوتی ئەخلاقی، بە مەرجێک ماوە بدرێت بە لاوان کە مانا بەرزەکانی ژیان بزانن و لە سیاسی ڕۆمانسی و تاکە دەسەڵات پەرستی و خۆ بپارێزن و پێداویستیەکانی یەکێتی نێو خەڵکانی نەتەوەکەیان بتوانن لە یەک جودا بکەنەوە. نەبونی ئەو بۆچونانە لە نێو دامودەزگا حکومیەکاندا نەک تەنها بوونە بە ڕوخاندنی پێناسەی نەتەوایەتی، بەڵکو کاریگەریشە لەسەر بۆچونە ئەخلاقیەکانی نێوان هەندێک لە ڕۆشنبیران لە ڕۆژانی ئەوڕۆماندا کە لە پاشەڕۆژدا دەبێتە هۆی نەمانی بیری نەتەوایەتی لە نێو بنەچەو نەوە تازەکاندا. هەندێک لە ڕۆشنبیران بوێرانە تونیویانە حاڵی کۆمەڵگای کوردی و دۆزهی تائیفیو تیرەیی شی بکەنەوە، بە باوەڕی ئەوان گەلێک لەو کارەساتانەی کە هەتاوەکو ئەوڕۆش خۆی دووبارە دەکاتەوە، دوا کەوتنی خەڵکانێکی بە ناو ڕۆشنبیرن کە بە دوای چەند ناوێکی دیاریکراو لە نێو کۆمەڵگادا خۆیان هەڵواسیوەو هەردەم شتایشیان بۆ دەکەن و لە پروپاگەندە بڵاوکردنەوە شتێکی کە نازانن، جگە لەوەش ڕۆشنبیرە بەرژەوەندی پەرستەکان لە پێناوی پولو پارەدا ئامادەن خۆشەویسترین بەهای ژیانیشیان بۆ بفرۆشن و هەمیشە لە تەقەلادان بۆ گەڕانەوەی دیرۆکە تراژیدیەکانی جاران و پاڵپشتی لە ڕۆمانسی سیاسی تاکە پەرستی دەکەن، هەرچەندە لە ناوەڕۆکەوە زۆر باش دەزانن کە ئەوە لە زیان زیاتر ناگەڕێتەوە بۆ میللەتەکەیان. بلا ئەو نیمچە ڕۆشنبیرانە زەمانی مارکسیەتیان بیر نەچێتەوە کە مانەوەیان لەسەر حوکمی دیکتاتۆری بووبە هۆی ڕوخاندنی خۆدی خۆی ئینسان و بە ڕەفتارو هەڵسوکەوتو ئازاردانی مرۆڤی تێگەیشتو و ئازادو ڕۆشنبیر، توانیان بەهۆی بەگەڕکردنی ڕۆمانسیە سیاسیەکانیان چەندین دیکتاتۆری خوێنمژ دروست بکەن، هەروەها بە ناوو ناوەڕۆک زۆربەی زۆری ڕۆشنبیرە نەتەوەپەرستەکانیان کرد بە خۆفرۆش و نەژاد پەرست و قسەی تری

**لەو بابەتە، ئەمانە تەنها چەند نمونەیەکن، دوژمنانی نەتەوەپەرستانی کوردی تا بلێی زۆرن، بە تایبەتی چڵکاوخۆران و تیرەچیان و تاک پەرستان، بە لای ئەوانەوە هەوڵدان بەرەو پێشکەوتن و فیکری ئازاد دژ بە نەتەوەی کوردن، چۆنکە بەو شێوەیە تەنها بەرژەوەندیەکانیان تەسکتر دەبێتەوە، ئەوان هەردەم لایەنگری تاکپەرستی ڕۆمانسی سیاسین، و باوەڕەکانی تر هەر هەمویان لە هیچەوە هاتون.**

**بارزان شوان**
**سوید**
200709
uvnbas@hotmail.com